# یوسف: پاشماوەی چیرۆکەکە

پەیدابوون ٤٢-٥٠

لە دوو وانەی ڕابردوودا دەربارەی یوسف کوڕی یاقوبمان خوێندەوە. لەم وانە، پلانمان وایە بخوێنندەوە لە پاشماوەی چیرۆکەکەی یوسف و بەو شێوەیە، بێینە تەواوکردنی یەکەم پەرتووکی تەورات، سیپارەی پەیدابوون. تا ئێستا خوێندمانەوە کە یاقوب، نەوەی ئیبراهیم، دوازدە کوڕی هەبوو، یوسف یازدەمین کوڕی بوو. هەمووشیان لە خاکی کەنعان دەژیان، ئەو خاکەی وەك خۆتان دەزانن، خودا بەڵێنی دابوو بیدات بە نەوەکانی ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب. کاتێ یوسف گەنج بوو، خەونێکی بینی کەوا ڕۆژێك لە ڕۆژان، برا گەورەکانی کڕنۆشی بۆ دەبەن. بەڵام برا گەورەکانی قێزیان لە خۆی و خەونەکانی بووەوە، و وەك کوێلەیەك فرۆشتیان بۆ خاکی میسر. بەڵام، خودا یوسفی لە هەموو مەینەتییەکانی ڕزگار کرد، و توانای ڕوونکردنەوەی خەونەکەی فیرعەونی پاشای میسری پێ دا. بە یارمەتی خودا، یوسف پێش بینی حەوت ساڵە برسییەتییەکەی کرد کەوا لە خاکەکەی دەدا. بۆیە، فیرعەون یوسفی وەك گەورەترین دەسەڵاتدار دانا لەسەر هەموو خاکی میسر.

لەپاش ئەوەی حەفت ساڵە خۆشییەکەی تەواوبوو، بینیمان کە ئەو برسییەتییەی کە یوسف پێش بینی کردبوو بەسەر میسر و خاکی کەنعاندا دەستی پێکرد. بەڵام، لە خاکی میسر گەنمێکی زۆر عەمبار کرابوو لەبەر ئەو نیعمەت و داناییەی خودا بە یوسفی دابوو.

کە یاقوب زانی لە میسر گەنم هەیە، هەر دە براگەورەکەی یوسفی نارد بۆ ئەوەی هەندێك بکڕن. بەڵام بنیامینی برا بچووکی یوسفی نەنارد لەگەڵیان لە ترسی ئەوەی شتێکی بەسەر دێت. پاشان، بینیمان کە هەر دە براگەورەکان گەیشتنە میسر و کڕنۆشیان برد بۆ یوسفی برایان، بەو شێوەیە خەونە کۆنەکەی یوسفیان هێنایە دی. یوسف براگەورەکانی خۆی ناسیەوە، بەڵام ئەوان ئەویان نەناسیەوە، لەبەر ئەوەی ماوەی زیاتر لە بیست ساڵ بوو نەیان بینیبوو، و بە بیری خۆیان یوسف مردبوو.

ئێستا کۆتایی بە چیرۆکەکە دێنین بۆ ئەوەی بزانین چۆن یوسف خۆی بۆ براکانی ئاشکرا دەکات. یوسف دەس بەجێ خۆی بۆ براکانی ئاشکرا نەکرد، لەبەر ئەوەی ویستی سەرەتا تاقییان بکاتەوە بۆ ئەوەی بزانی ئایا دڵە خراپ و بۆگەنەکەیان گۆڕاوە یان نا. بۆیە، نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: کە یوسف سەیری براکانی خۆی کرد، ناسینیەوە. ئینجا خۆی لێگۆڕین و بە ڕەقی قسەی لەگەڵ کردن و پێی وتن: (لە کوێوە هاتوون؟) ئەوانیش وتیان: (لە خاکی کەنعانەوە بۆ خۆراک کڕین.) (پەیدابوون ٤٢: ٧) یوسف زۆر پرسیاری لێیان کرد، تۆمەتی سیخوڕی خستە پاڵیان و خستیانیە زیندانەوە. یوسف ویستی بیر لە ژیانی خۆیان بکەنەوە و باری دڵی خۆیان بەرامبەر خودا بناسن. لەپاش سێ ڕۆژ، یوسف ڕێگای پێیان دا بڕۆن، بەڵام یەکێکیانی لە زیندان هێشتەوە و بە وانەی تری ووت بگەڕێنەوە میسر لەگەڵ بنیامینی برا بچووکیان، دوایەمین کوڕی باوکیان.

لەپاش چەن مانگێکی زۆر، براگەورەکان گەڕانەوە میسر بۆ ئەوەی هەندێ گەنمی تر بکڕن، و بنیامینی برا بچووکیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو. کاتێ گەیشتن، دووبارە یوسفیان بینی، دەسەڵاتداری خاکەکە – بەڵام هێشتا نەیاناسیەوە. یوسف ئەوانی بۆ ماڵی خۆی برد، کە وای کرد زۆر بترسێن. پاشان خوانێکی گەوەرەی بۆیان دانا، وای کرد لە چوار دەورەی مێزەکە بەگوێرەی تەمەنیان دانیشن، لە گەورەوە بۆ بچووك و خواردنی لە مێزی خۆیەوە دەدا پێیان. بنیامین خواردنی پێنج جار زیاتر وەرگرت لە وانەی تر. ڕەنگە یوسف براکانی تاقی دەکردەوە بۆ ئەوەی بزانێ حەسودی بە بنیامین دەبن یان نا، وەك ئەوەی پێشان حەسودیان بەو دەبرد. بەڵام، هیچ کام لەوان حەسودی نەبرد بە بنیامینی برا بچووکیان.

لەپاش خوانەکە، یوسف فەرمانی بە خزمەتکارێك دا کەوا گوشەکانیان پڕ بکرێ لە گەنم و بەرداغە زیوە تایبەتییەکەی خۆی لەناو گوشەکەی بنیامین بشاردرێتەوە. دوای ئەوەی براکانی یوسف ڕۆیشتن، یوسف سەرۆکی خزمەتکارەکانی نارد بە دوایاندا و تۆمەتی دزی خستە پاڵیان. کاتێ سەرۆکی خزمەتکارەکان گەیشت پێیان، ووتی (بۆچی پاداشی چاکە بە خراپە دەدەنەوە؟ ئەو بەرداغەی

گەورەکەم لێی دەخواتەوە نەتاندزیوە؟) و ئەوانیش وەڵامیان دایەوە ووتیان، (ئێمە نەمان بردووە. با ئەو کەسە بمرێ کە بەرداغەکەی
لا دەبینرێتەوە و ئێمەش دەبینە کوێلەتان!) سەرۆکی خزمەتکارەکانیش وەڵامی دایەوە ووتی، (ئەو کەسەی بەرداغەکەی لا ببینرێتەوە
دەبێتە کوێلەی من، بەڵام ئەوانی تر بەرێی خۆتان دەڕۆن.)

سەرۆکی خزمەتکارەکان لە هەموو گوشەکان گەڕا، لە برا گەورەکەوە دەستی پێ کرد و لە برا بچووکەکە کۆتایی پێ هێنا — و
بەرداغەکەی لەناو گوشەکەی بنیامیندا دۆزیەوە! لەوکاتەدا، برا گەورەکانی یوسف دەستیان کرد بە دڕاندی کراسەکانی بەریان، و
گەڕانەوە بۆ شارەکە و خۆیان لەبەردەم یوسف فڕێ دایە سەرزەوی. پاشان یوسف پێیانی ووت، (چیتان کردووە؟ پێتان وابوو
دەتوانن هەڵمخەڵەتێنن؟) یەهودا، چوارەم کوڕی یاقوب پێی ووت، (چی بڵێین؟ چۆن دەتوانین پاکانەی خۆمان بکەن؟ خودا بەدکاری
و ناڕاستودرووستیمانی بەدەر خست! ئێمە کوێلەی تۆین، ئێمە و ئەوەی بەرداغەکەتان لەلای دۆزیەوە!)

یوسفیش وەڵامی دایەوە ووتی، (تەنها ئەو کەسەی بەرداغەکەی لا دۆزرایەوە دەبێتە کوێلەم. ئێوە دەتوانن بگەڕێنەوە بەساغی و
سەلامەتی بۆ لای باوکتان.) پاشان یەهودا لە یوسف نزیك بووەوە و دووبارە باسی ئەو ئەشکەنجەیەی باوکی هەیەتی بۆ بنیامین و
هاتنی لەگەڵیان بۆ میسر کرد. پاشان، جودا داوای بەزەیی لە یوسف کرد و پاڕایەوە بۆ ئەوەی ڕێگا بدات بنیامین لەگەڵیان بگەڕێتەوە
بۆ لای باوکیان. هەروەها جودا داوی کرد ئەو ببێتە کوێلەی یوسف لەباتی بنیامین. کاتێ یوسف ئەشکەنجەی براکانی بینی لەبەر
گوناهە کۆنەکانیان، ئەو بەزەییەی بۆ باوکیان و برا بچووکەکەیان هەبوو، یوسف زانی کە براگەورەکانی بەڕاستی تۆبەیان کردووە.
زانی کە کاتی خۆ ئاشکراکردنی بۆ براکانی هاتووە!

بۆیە، نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: (پەیدابوون ٤٥) ١ ئیتر یوسف نەیتوانی خۆی ڕابگرێت لە بەردەم هەموو ئەوانەی لەلای
وەستابوون، هاواری کرد: (هەمووان لەلام بڕۆنە دەرەوە!) ئیتر کەسی لێنەمابوو کاتێک خۆی بە براکانی ناساند. ٢ بە دەنگێکی وا بەرز
گریا کە میسرییەکان گوێیان لێبوو، ماڵی فیرعەونیش ئەمەی بیست. ٣ یوسف بە براکانی وت: (من یوسفم. ئایا باوکم هێشتا ماوە؟)
بەڵام براکانی نەیانتوانی وەڵامی بدەنەوە چونکە لە بەردەم یوسف تۆقین.
٤ ئینجا یوسف بە براکانی وت: (وەرنە پێشەوە لێم.) ئەوانیش هاتنە پێشەوە، ئەمیش وتی: (من یوسفی براتانم کە بە میسرتان
فرۆشت. ٥ ئێستاش نە داخ بخۆن و نە لەسەر دڵیشتان گران بێت کە منتان بە ئێرە فرۆشتووە، چونکە بۆ مانەوەی ژیان بوو کە خودا
منی پێش ئێوە نارد. ٦ چونکە ئەمە دوو ساڵە برسێتییەکە لەناو خاکەکەدایە، بۆ پێنج ساڵی دیکەش نە کێڵان دەبێت و نە دروێنە.
٧ خوداش منی پێش ئێوە نارد بۆ دابینکردنی پاشەڕۆژتان لە زەوی، بۆ ژیان بۆتان، بۆ دەربازبوونێکی مەزن.
٨ (ئێستاش ئێوە نین کە منتان نارد بۆ ئێرە، بەڵکو خودایە منی کردووە بە باوک بۆ فیرعەون و بە گەورەی هەموو ماڵەکەی و
فەرمانڕەوا بەسەر هەموو خاکی میسردا. ٩ پەلە بکەن و بەرەوژوور بینەوە بۆ لای باوکم و پێی بڵێن، (یوسفی کوڕت وای وت، خودا
منی کردووە بە گەورەی هەموو میسر. بەرەوخوار بەرەوە بۆ لام و ڕامەوەستە. ١٠ لە زەوی (گۆشەن) نیشتەجێ دەبیت و لە من
نزیک دەبیت، خۆت و کوڕەکانت و کوڕی کوڕەکانت و ڕانە مەڕەکەت و گاگەلەکەت و هەرچییەکت هەیە. ١١ لەوێ خۆم بەخێوت
دەکەم، چونکە برسێتییەکە هێشتا پێنج ساڵی ماوە. ئەگینا خۆت و ماڵەکەت و هەرچیشت هەیە هەژار دەبن.)
١٢ (ئەوەتا چاوەکانتان دەبینێت، هەروەها چاوەکانی بنیامینی براشم، کە دەمی منە قسەتان لەگەڵدا دەکات. ١٣ هەموو مەزنی من لە
میسردا بە باوکم ڕادەگەیێنن، لەگەڵ هەموو ئەوەی بینیوتانە و بە پەلەش باوکم بەرەوخوار دەکەنەوە بۆ ئێرە.)
١٤ ئینجا کەوت بەسەر ملی بنیامینی برای و گریا، بنیامینیش بەسەر ملیدا گریا. ١٥ ئینجا هەموو براکانی ماچ کرد و گریا بەسەریان.
دوای ئەوە براکانی قسەیان لەگەڵدا کرد. پاش ئەمە، براکانی یوسف خۆیان ئامادە کرد بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە ماڵی باوکیان. یوسف
عارەبانەی داپێیان وەك فیرعەون فەرمانی دا، هەروەها زادی دا پێیان بۆ گەشتەکەیان. ٢٥ ئەوانیش لە میسرەوە بەرەوژوور بوونەوە و
هاتن بۆ خاکی کەنعان بۆ لای یاقوبی باوکیان. ٢٦ پێیان ڕاگەیاند و وتیان: (یوسف هێشتا زیندووە و خۆی فەرمانڕەوای هەموو خاکی
میسرە!) یاقوبیش بووڕایەوە، چونکە بڕوای پێنەکردن. ٢٧ ئیتر هەموو ئەو قسانەی یوسفیان پێووت کە پێی وتبوون. چاویشی بە

عەرەبانەکان کەوت کە یوسف ناردبوونی بۆ هێنانی ئەم، بەوەش ڕۆحی یاقوبی باوکیان ژیایەوە. [٢٨] ئیسرائیل وتی: (بەسە! یوسفی کوڕم هێشتا ماوە، دەڕۆم و دەیبینم پێش ئەوەی بمرم.)

لەپاش ئەمە، نووسراوە پیرۆزەکان پێمان دەڵێت چۆن یاقوب و خێزانەکەی خاکی کەنعانیان بەجێ هێشت و بەرەو میسر ڕۆیشتن. یاقوب قوربانییێکی پێشکەش کرد لە ڕێگادا و لەوێشدا خودا قسەی لەگەڵی کرد و فەرمووی، (من خودام، خودای باوکتم. مەترسە لە بەرەوخوار ڕۆیشتنت بۆ میسر، چونکە لەوێ دەتکەمە نەتەوەیەکی مەزن. [٤] من لەگەڵ تۆدا دێمە خوارێ بۆ میسر، خۆشم سەرت دەخەمەوە. یوسفیش دەستی خۆی دەنێتە سەر چاوەکانت.) (پەیدابوون ٤٦: ٣، ٤)

لەپاش گەشتێکی دوور و درێژ، یاقوب و خێزانەکەی گەیشتنە خاکی میسر. یاقوب چەن خۆش حاڵ بوو بە بینینی یوسفی کوڕە خۆشەویستەکەی لەپاش ئەو هەموو ساڵە زۆرە! لەبەر ئەوە یاقوب، کەوا بە ئیسرائیلیش ناو دەبردرێ، خۆی و خێزانەکەی لە میسر نیشتەجێ بوون، لە دەڤەری گۆشەن. لەوێشدا زۆر زیادیان کرد و بوون بە خێڵێکی گەورە. یاقوب لە میسر بۆ ماوەی حەڤدە ساڵ ژیا. کۆی گشتی تەمەنی گەیشتە ١٤٧ ساڵ. بۆیە یاقوب، باوکی خێڵەکانی ئیسرائیل مرد و چووە لای خودا لە ئاسمان. یوسف و براکانی و هەموو خەڵکی میسر بۆ ماوەی حەفتا ڕۆژ بۆی گریان. کوڕەکانی یاقوب باوکیان لە خاکی کەنعان بەخاك سپارد، لە گۆڕستانی ئیبراهیمی باپیرەی.

لە دوایەمین بەشی سیپارەی پەیدابوون، بەشی پەنجا، نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ:


(پەیدابوون ٥٠) [١٥] کە براکانی یوسف بینیان باوکیان مرد، وتیان: (ئەکات یوسف کینەمان لێهەڵبگرێت و هەموو ئەو خراپەیەی بەرامبەری کردوومانە بەسەرمانی بهێنێتەوە...[١٩] یوسفیش پێی وتن: (مەترسن، بۆ چی من لە جێی خودام؟ [٢٠] مەبەستی ئێوە خراپە بوو بۆم، خودا بە مەبەستی چاکە گێڕای تا وەک ئەمڕۆ بکات، بۆ بەزیندوو هێشتنەوەی گەلێکی زۆر. [٢١] ئێستاش مەترسن. من خۆتان و منداڵەکانتان بەخێو دەکەم.) ئیتر دڵنەوایی کردن و قسەی دڵخۆشکەرەی بۆ کردن. [٢٢] یوسف خۆی وماڵی باوکی لە میسر نیشتەجێ بوون، یوسف سەد و دە ساڵ ژیا... [٢٤] ئینجا یوسف بە براکانی وت: (من دەمرم، بەڵام خودا خۆی بەسەرتان دەکاتەوە و لەم خاکەوە بەرەوژوورتان دەکاتەوە بۆ ئەو خاکەی کە سوێندی لەسەر خواردووە بۆ ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب.) [٢٥] ئیتر یوسف نەوەی ئیسرائیلی سوێند دا و وتی: (بێ گومان خودا بەسەرتان دەکاتەوە، دەبێت ئێوەش لێرەوە ئێسقانەکانم بەرەوژوور بکەنەوە.) [٢٦] دوای ئەوە یوسف مرد، تەمەنی سەد و دە ساڵ بوو، ئیتر مۆمیایان کرد و لە میسر خرایە تابووتەوە.

سیپارەی پەیدابوون بەم شێوەیە تەواو دەبێت: (دوای ئەوە یوسف مرد... و لە میسر خرایە تابووتەوە) ئەم سیپارەیە، کەوا بە چیرۆکی چۆنیەتی درووست کردنی خودا بۆ ژیان دەست پێ دەکات، بە چیرۆکی مردن کۆتایی پێ دێت. لەبەر گوناهەکەی ئادەم، مردن بۆ هەموو مرۆڤ هات. بەدڵت بێت یان نا، (کرێی گوناه مردنە!) (ڕۆما ٦: ٢٣) تەنانەت پیاوێکی باش وەك یوسفیش، کەوا نازناوی پارێزەری ژیانی پێ درا، دەبوایە بمرێت، لەبەر ئەوەی ئەویش یەکێکە لە نەوەی ئادەم و ڕەگی گوناه لەناو دڵیەتی. یوسف بە یارمەتی خودا، توانی خەڵکی میسر بپارێزی و خێزانەکەی لە برسییەتی تا مردن ڕزگار بکات، بەڵام نەیتوانی لە مردن ڕزگاریان بکات. بەڵام بەدڵێکی خۆشەوە ستایشی خودا دەکەین، لەبەر ئەوەی لە سیپارەی پەیدابوون هەروەها دەخوێنینەوە دەربارەی بەڵێنە سەرسوڕهێنەرەکەی خودا کەوا ڕزگاری دەرێکی خاوەن هەموو توانایەکمان بۆ بنێرێ کەوا خودی مردن دەبەزێنێ. مردن ئەنجامی گوناهە. ئەو ڕزگاری دەرەی خودا بەڵێنی دابوو بینێرێ نەوەکانی ئادەم ڕزگار دەکات لە ڕەگی گوناه و سزای گوناه ئەنجام دان. ڕەگی گوناه شەیتانە و دڵی خراپەکاری مرۆڤە. سزای گوناهیش مردنە و چوونە ناو ئاگرە. ئەو ڕزگاری دەرەی خودا بەڵێنی دابوو بینێرێ هەموو ئەوانەی بەزاند و دەتوانێ ژیانی ئەوانە بگۆڕی کە باوەڕی پێ دێنن.

ئەم ڕزگاری دەرە خاوەن هەموو توانایەك دەناسی کەوا شەیتان گوناهی بەزاند، و مردن و ئاگری دۆزەخ، و ئەوەی ژیانی تاهەتایی پێشکەش بەو کەسە دەکات کە باوەڕی بە ناوی هەبێ؟ ئینجیلی پیرۆز سەبارەت بەم ڕزگاری دەرە دەفەرموێ: ستایش بۆ خوداوەند، خودای ئیسرائیل، چونکە گەلەکەی بەسەرکردەوە و کڕییەوە. شاخی ڕزگاریمانی هەڵستاندەوە...وەک لە کۆنەوە بە زمانی پێغەمبەرە

پیرۆزەکانی دوواوە. (لۆقا ١: ٦٨–٧٠) ئامین!

خوداش بەبەرەکەتت بکات وەك سەرنجی ئەم ئایەتەی نووسراوی پیرۆز دەدەیت کە سیپارەی پەیدابوون کورت دەکاتەوە: لەکوێ گوناه زۆر بوو، نیعمەتی (خودا) زۆر زیاتر بوو. (ڕۆما ٥: ٢٠)



## گرنگترین پرسیارەکان بۆ ئەم وانەیە:

١. کاتێ سەرۆکی خزمەتکارەکان گەیشت پێیان، ووتی (بۆچی پاداشی چاکە بە خراپە دەدەنەوە؟ ئەو بەرداغەی گەورەکەم لێی دەخواتەوە نەتاندزیوە؟)

٢. پاشان یوسف پێیانی ووت، (چیتان کردووە؟ پێتان وابوو دەتوانن هەڵمخەڵەتێنن؟)

٣. یەهودا، چوارەم کوڕی یاقوب پێی ووت، (چی بڵێین؟ چۆن دەتوانین پاکانەی خۆمان بکەن؟

٤. ئەم ڕزگاری دەرە خاوەن هەموو توانایەك دەناسی کەوا شەیتان گوناهی بەزاند، و مردن و ئاگری دۆزەخ، و ئەوەی ژیانی تاهەتایی پێشکەش بەو کەسە دەکات کە باوەڕی بە ناوی هەبێ؟

٥. بۆچی یاقوب و خێزانەکەی خاکی کەنعانیان بەجێ هێشت و بەرەو میسر رۆیشتن؟

٦. مانای ئەوە چی بوو کە لە سیپارەی پەیدابوون بەم شێوەیە تەواو دەبێت: (دوای ئەوە یوسف مرد...واە میسر خرایە تابووتەوە)؟

ڕێگای ڕاست و دروستی:

وەرزی خوێندنەوەی کتابی پیرۆز

(٢٠١٦)

Old Testament, Sorani (Draft), International Bible Society, 2005, 2009, 2011; Psalms, Biblica, 2013
Kurdish New Testament, International Bible Society, 1998; Biblica, 2011
ئەم خوێندنەوە لە {*The Way of Righteousness* by Paul Bramson, 1998} بەخەش کراوەتە.
بەرهەم هێنەر: کۆمەڵەی ڕێگای ڕاستودروستی
rrd2011@yahoo.com www.rrdk.org